پێش نیوەڕۆی چوار شەممە(2023/8/10)لە هۆلی بزاڤی رۆشنبیری ئاکرێ، شاری مەلبەندی رۆشنبیری و رۆژنامەگەری، لەگەڵ بەڕێز (پ.ی.د. ئازاد عبدالعزیز)بە شداریم کرد لە پانێلێکدا سەبارەت بە رۆڵ و کاریگەری سۆشیالمیدیا لە سەر تاك و کۆمەڵگە، کە ژمارەیەکی دیار لە بژاردەی رۆشنبیرو رۆژنامەنووس تیایدا ئامادەبوون، لە پانێلەکەدا بە وردی ئاماژەم کرد بە نەخشەی گشی سۆشیاڵمیدیا لە جیهان و کوردستان و لێکەوتەو مەترسییەکانی و رێکارو چارەسەرەکان. پانێلەکە بە پرسیارو سەرنجی زۆربەی ئامادەبووان دەوڵەمەندتر بوو، سوپاسی سەرۆك و ستافی بزاڤی رۆشنبیری ئاکرێ دەکەم بۆ بانگهێشت و میوانداری بێ وێنەیان.
ئەوەی زیاتر دڵخۆشی کردم ئەوە بوو کە چەند قوتابییەکی پیشتری ئەو دەڤەرەی خۆمم بینییەوە وەك(کاك عبیداللە، کاك سەهل، کاك عادل)، کە پێگەیەکی دیاریان هەیەو هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.




1991- 2691



